

## ئەی دڵ............شیعری چەلەنگ بەرزنجی

سیس بووی ئەی دڵ،
بە ئاوازی دەنگی یاران خە وت نایە..
کاتێ دە گریێن، دەفری ژەنگیاویتو
فرمێسک بە باڵاتا دەچۆڕێ،
وا دەزانی جەستەی تەڕت
لە ژێر ڕەهێڵەی بارانایە....
هەر تۆ بووی پێت دەووتم
ئامێزی کچان پەرستگایە،
ماچی گەردەنو سینەیان،
بۆ من باشترین دوعایە....
بۆچی ئێستا وا شێواوی..!!؟؟
ڕیتمی لێدانت  ئاڵۆزە و
دەڵیی دەفەیە لە نێو دەستی،
 دەروێشی تەکیەی شێخ دایە...؟؟
گەر لە من دەپرسی ئەی دڵ
تا پێت دەکرێ زوو بوەستە
شێوەی لێدانەکەت هەرگیز
لە ڕوخساری تۆدا نایە....
ڕانەهاتووم بت بینم
ئامێزی یار کراوە بێو بڵێی داخم،
ویستم هەبوو بەڵام چی بکەم،
پێم لە دووڕا دا نایە....
سیس بووی ئەی دڵ دە پێم بڵێ
بۆ کوێم دەبەی ؟
چیت لە نیازا  دایە...؟؟
چی لەو ڕۆژگارە لەلات
بە مانایە یان ڕەوایە....؟؟؟؟؟
ئەو سەردەمەم هێشتا لەبیرە
ئەتۆ ئەشق و تەمەنیش درێژی
بەمنتان دەووت  مامەڵەی سەودایە...

ئەدی ئێستاکە چیم پێ دەڵێی؟؟
خەونت لە باوەشی مەرگەو
بوونیشت لە کەلاوەیەکی ژینا
کەس نازانێ لە کوێ دایە....
سیس بووی ئەی دڵ
نازانم بۆ  گریانم بۆت نایە...
ڕەنگە ئەمنیش  هاوشێوەی خەڵکی
بڵێم ڕۆژگارەو لە گۆڕاندایە.....
توخودا ئەی دڵ
پێم مەڵێ  شەپڕێوم هاوشێوەی دڵان
ئێستاکە جەژنەو لە حەشرایە...
ئەو کاتە ئارام دەبم گەر پێم بڵێی
ئەوەی کە ئەتۆ دەتەوێ
لە دەستی مندا  نایە.......

cbarzingy@hotmail.com